# کەسێتی لە خولگەی چەمکە مەعریفییەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتیدا

## (تیورەکەی باندۆرا وەک پێوەر)

محەمەد تەها حوسێن

### کورتەیەک لەسەر باندۆرا و تیورەکەی

ئەلبێرت باندۆرا تا ئەم ساتەوەختەی من لە بارەی تیورەکەیەوە دەنووسم (١١-٨-٢٠١٧) لە ژیاندا ماوە و تەمەنی گەیشتووەتە ٩٢ساڵ. لە ١٩٢٥ لە شارۆچکەی مۆندێری ئەلبێرتا لە کەنەدا لە دایکبووە و لە ١٩٥٦ ڕەگەزنامەی ئەمریکی دراوەتێ، لە دایکێکی ئۆکرانی و باوکێکی پۆڵۆنی بوو، بەر لە لەدایکبوونی ئەو، هاتبوونە ئەمریکا(١). ئەو لە ڕیزبەندی ناو و لە نێو زانا دەروونییەکان لە دوای فرۆید و سکینەر و ژان پیاژێ ناودارترین سایکۆلۆژیستە و بە شۆرەتەوە گەورەترین زانای دەروونی زیندوو لەسەرتاسەری دنیا دەدرێتە قەڵەم(٢).

هەر یەکە لە یۆنگ و فرۆم و مازلۆ و ڕۆجەرزیش ناوبانگیان زۆر بوو و ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانی دنیایان تەنیبوو، بەڵام مانەوەی باندۆرا لە ژیان و هەوڵەکانی بۆ گونجاندنی ڕەفتاریزم و مەعریفەگەرایی لەگەڵ یەکتر لەنێوان میتودە سایکۆلۆژییەکاندا و سەرۆکایەتی بۆ APA* دەنگدانەوەیەکی گەورەی پەیدا کرد و دامەزراوە زانستییەکانیش زۆریان پەسەند کرد.

من لای خۆمەوە پێم وایە ئەبراهام مازلۆش یەکێکە لە گونجێنەرە میانڕەو و نێوەندگیرەکان و لە هەڕەمەکەی خۆی گونجانێکی عەقڵێنیانە و زانستییانەی لە نێوان بنەما فسیۆلۆژی و بیۆلۆژیکی و غەریزییەکانی کەسێتی لەلایەک و بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکەی تر دۆزیوەتەوە، هەر بۆیەش ئەم پلەبەندییە ویکیپیدیاییەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوەندە زانستی نییە، چونکە نە سکینەر پێش فرۆید کەوتووەتەوە و نە

باندۆراش پێش ئەدلێر و یۆنگ و فرۆم و مازلۆ.
باندۆرا توانی ڕەفتاریزم و کۆگنەتیڤیزم (مەعریفی) لێک بدات و ڕێچکەیەکی بەیەکەوە لکاو بدۆزێتەوە کە هاوسەنگ بێ لە نێوان ئەو توخمەی کە سەلمێنەری بوونی تاکە (مەعریفە)، لەگەڵ ڕەفتار کە خواست و جووڵەکانی تاک لە پێرفۆرمانس (ئەدا)ی بەردەوامیدا دەکات بە دیاردەی بینراو و هەستپێکراو. بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کەسێتی لای ئەلبێرت باندۆرا فەلسەفەی ئیشی زانستیی ئەو بووە و پێی وا بووە بوونی تاک لە نێو فەزای کۆمەڵایەتیدا بوونێکی ترە و ئەو کەش و بوارە زیاتر کاریگەرە بۆ خۆڕێکخستن و پەیبردن هەم بە خود و هەم بە کۆمەڵگە، دواتریش ژیانی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر ژیانی تاکدا دەکەونە دۆخێکی جەدەلی و دینامیکی ماقووڵەوە.
مرۆڤ لای باندۆرا بوونێکی سەرنجدەرە، هەستەکانی دەکەونە سەر جووڵە و دەرکەوت و شتەکانی دەوروبەر، سەرنج تاک دەحەپەسێنێ، ڕایدەگرێ، بۆ ماوەیەک دەیخاتە دۆخی بیرکردنەوە و لێپێچینەوە لەو شتانەی مایەی سەرنج و تێرامانی ئەون. فێربوون لە ڕێگەی سەرنجەوە توخمێکی مەعریفی بۆ شتی سەرنج لێگیراو زیاد دەکات، چونکە باندۆرا پێی وایە لە نێوان (وروژێنەر و وەڵام) دا گۆڕاوی مەعریفی هەن دەچنە نێوانیانەوە و لە سەرنجی تاکی هۆشیارەوە بەدیاردەکەون، یان کاریگەرییان دەردەکەوێ.

### فێربوونی کۆمەڵایەتی و توخمەکانی

باندۆرا دەڵێ: ڕەفتار بە هۆی گۆڕان لە مەعریفەی کەسەکە و ژینگەکەیدا گۆڕانی بەسەردا دێ، ڕوانگەی باندۆرا ڕۆڵێکی چالاک دەداتە تاک لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوت Human agency کە توانایی تاکە بۆ بوون بە وەکیلی خۆی و بۆ کۆنترۆڵی لەسەر کردەوەکان و کۆنترۆڵی پرۆسێسەکانی بیرکردنەوە و پاڵنەرەکانیش کە زۆر ناوەکین(٣).
مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی پرسیارکەرە و هەمیشە عەوداڵی جۆرێک لە وەڵامە ئەم شڵەژانە هزرییەی هاوسەنگ کاتەوە، ئەم پێناسەیە هەم مەعریفییە و هەمیش ڕەفتاری، مەعریفییە، چونکە ئەوە هۆشی ئەوە کەوتووەتە سەر بابەتێک و دەیەوێ



ئەلبێرت باندۆرا

لەبارەیەوە بزانێ. ڕەفتاریشە، چونکە شتێک، یان بابەتێک وروژاندوویەتی و لە بەرانبەردا داوای وەڵامی لێ دەکات. کەواتە باندۆرا ژیرانە ئەم گونجانەی پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، هەڵبژاردووە و نەیویستووە حەتمیانە هەرچی هەیە و لە دەروون و دەرەوەی تاک ڕوودەدات بە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە.
لە سەرنجداندا سەرەتای هاوکێشەکە، یان باشتر وایە بڵێین سووڕە ڕەفتارییە مەعریفی و فیزیکی و کۆمەڵایەتییەکە دەست پێ دەکات و بە فلتەرایزینگی (ئاگایی، پاراستن، ئەدا، پاڵنەر) دا تێدەپەڕێ. ئاگایی تاک بەستراوەی خەسڵەت و هێزی کێشکردنی نموونە(پارادیگم)ـە، واتە چەندە ئەو نموونەیەی سەرنجی تاکی دەکەوێتە سەر، ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بێ ئاگایی تاک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، ئەوەندە سەرنجڕاکێشە و کەسەکە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و سەرەنجام پارادیگمەکە دەبێتە بابەتێک بۆ سەرنج و دواتر لاساییکردنەوە بە مەبەستی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی.
پاراستنی ئەو بابەتە فێربووانەش پەیوەستن بە توانایی مەعریفی تاکی سەرنجدەر و لێهاتوویی لە سیمبۆلیزەکردنی ڕەفتار، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی

وێنە و دەربڕینی زارەکی، ئەم کردەیە ڕاستەوخۆ بایەخی یادگەمان وەک ئۆرگانێکی هەرە بنچینەیی لە پرۆسێسی فێربووندا بۆ دەردەخات و هەموو ئەو زانیارییانەی تاک دەستی دەکەون دوای سیمبۆلیزەکردنیان دەبێ بپارێزرێن و ڕاستییەکەی ئەمەش پێویستی بە توانایی تاک هەیە و لە کۆتاییشدا هەر ئەو جیاوازییانەن لە توانایی پاراستن، جیاوازیمان لە فێربوون بۆ بەدیاردەخەن.

سێیەم پرۆسێسی فێربوون لە ڕێگەی سەرنجدانەوە بریتییە لە دووبارە نمایشکردن و ئەداکردنی جووڵەیی ئەو بابەتەی سەرنجی لێ گیراوە و زانیاری لەبارەوە کۆکراوەتەوە و دۆخەکە دەچێتە بواری ڕووداوی فیزیکییەوە، ئەوەش توانایی تاکی لەسەر ڕاهاتنی عەقڵیانە پێ دەوێ، کەسەکە دەبێ ئەدای ئەوەی ئاگایی خستبووە سەر و سێیڤی کردبوو لە کردەی ڕەفتارییدا بکات و بیخاتە واری پێرفۆرمانسەوە، تا بزانین چەندە پرۆسێسەکە دروست بەڕێوە چووە.

چوارەم کرداریش پاڵنەرە، ئەوەش ئاستی ئەو هێزە ناوەکییە دەردەخا کە لە ناوەوە تاکەکە بەرەو وەدیهێنانی ئامانجێک دەبزوێنێ، لە پاڵنەردا هێز هەیە و وەردەگەڕێتە سەر ڕەفتار، پاشان لە ئامانجێکدا بەتاڵ دەبێتەوە، ئەم بەتاڵبوونەوەیە کۆتایی بە پرۆسێسی فێربوونی هەر بابەتێک، یان هاتنە دی هەر ئامانجێکی دیاریکراو دەهێنێ.

ئەم چوار پرۆسێسە لە فێربووندا گرنگن و یەک بە دوا یەک بابەتێک کە بووەتە مایەی بایەخی تاک و ڕۆڵی مۆدێلێک دەگێڕێ، دەکەنە پارادیگم و تاک لاسایی دەکاتەوە و خۆی پێ دەگرێ و لێیەوە فێر دەبێ. ئەم کرداری فێربوونە، بیرکردنەوە لە سەرنجداندا وەدەر نانێ بەقەد ئەوەی پرۆسەی لاساییکردنەوە چالاکییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و کەس بە چالاکی و کارایی خۆیەوە دەکەوێتە ناویەوە.

باندۆرا وای دەزانی کە سەرنجدان و بینین فاکتۆری بنەمایین بۆ فێربوون، لە سەرنجداندا ڕووداوێک بەبەرچاو و هەستی سەرنجدەرەوە ڕوودەدات، لای منداڵان ئەم میکانیزمە کاریگەری زیاتر لەسەر سیستمی مەعریفی و سکیما و نەخشەی زانینیاندا دەنێن، تا منداڵ گەورەتر بێ، ئەزموونی فێربوونی زیاتر دەبێ و هێواش هێواش لە ژێر کاریگەری ئەو پارادیگمانەی لاساییان دەکاتەوە دەردەچێت، ئەم دۆخە لەوانەیە زۆر داروینیانەش بێ، چون کەس هێزی زیاتری لا کۆدەبێتەوە و هەلومەرجی دیکەی بۆ دەسازێ و دەبێتە خاوەنی ستایلێکی تایبەت بە جووڵە و چالاکی چ لە نێو سروشتدا وەک فەزا و کەشێک بۆ ژیان، چ لە نێو کۆمیونیتی خۆیدا وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە باندۆرا بنەمای کۆمەڵایەتی بوونی ڕەفتار و فێربوون بە سەرەکیترین بنەما دەزانێ و پێی وایە تاک هەردەم لە نێو کۆمەڵگەدا فێری ڕەفتار و پەرەدان بەو ڕەفتارانە دەبێت.

## کاریگەریی خود

سیستمی فێربوون لای باندۆرا بۆ هێنانە ئارای ستراتیژێکی بنچینەییە ئەویش سەرهەڵدانی کەسێکی چالاکە لە ڕووی خودییەوە، ئەو دەیەوێ خودی تاک ئەکتیڤ بێ، هەمیشە کەس ژیانی خۆی بە چالاکی لە دوای چالاکی بنەخشێنێ، چالاکبوونی خود سەرەنجام کەسی دەروون ساغمان بۆ پێ دەگەیەنێ. خودی چالاک بۆ "بوونی بە کردار(**)"ی هیگڵمان دەگێڕێتەوە، هیگڵ هەمیشە جەختی لەسەر ڕوحێکی کارا و چالاک بوو، ئەم ڕوحە لای ئەو عەقڵ بوو، هۆش بوو، خودێکی زیندووی پڕ جموجووڵ بوو.

دوای هیگڵ زۆر بوون ئەوانەی لە دەوری خودی چالاکدا خولاونەتەوە، سایکۆلۆژیستە بووناسەکان لەوانە بوون، بەڵام ئاوڕدانەوەی باندۆرا لەو چەمکە و وەرگرتنی وەک تەوەرێکی سەرەکی گواستنەوەیەتی لە هۆشی تاکەوە بۆ هۆشی کۆمەڵگە. میکانیزمەکانی گەیشتن بە خودێکی کاریگەر لە سەرنجدانەوە سەرچاوەیان گرتووە و وەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد بە پرۆسێسی دەروونی سیستماتیکدا دەگوزەرێن (ئاگایی، سیمبۆلیزەکردن و پاراستنی زانیاری، ئەدا و جێبەجێکردن، پاڵنەرەکان). ئەم پرۆسێسانە بەم ڕێکخستنە لۆژیکییەیان کردەی فێربوون دەگەیەننە ئاستێکی بەرز و باڵا. تا ئەو دەمەش سەرنجدان بەردەوامە و لە بابەتێکەوە دەکەوێتە سەر بابەتێکی تر ئەوە کردەی فێربوون بەردەوامە و هەمیشە تاک تا هەیە و زیندووە، لە نێو پرۆسێسێکی فێربوونی بەردەوامدایە، نموونە لە دوای نموونە سەرنجی ڕادەکێشن و فەزای پەیبردنی فراوانتر دەکەن.

خودی چالاک، یان باشتر وایە بڵێین کاریگەری خود

هەروا لە خــــۆوە نابێ و نەبووە، بێ گـــومـــــان بێ سیــستــمـاتیـزەبوونی ئەم کـردە دەروونیـانەی سـەرەوە ئەنجـــامی نابێ، خـــودی چالاک لای بانـدۆرا مـــانـای خـــودێکی ســاغـــە خـــودێـک کـــاریگـەر و چالاک بێ سیستمێکی بەرگری دەروونی، تەنانەت جەستەییش بۆ تاک فەراهەم دەکات، ئەمەش بە لێکۆڵینەوەکانی خودی باندۆرا و کەسانی دیکەی دوای ئەو سەلماوە.

ئەلبـێــرت باندۆرا لە بواری دەروونـدروســتـیــدا بە دواداچوونی بۆ کاریگەری خود کردووە و بۆی دەرکەوتووە کـە زۆر لایەنی سـەلامـەتی و سـاغی تاک پەیوەستن بە خـودی چالاکـەوە، ئەو بۆی دەرکـەوتووە ئەو کـەسـانەی هەست و درک بە چالاکی خودی خۆیان ناکەن، دووچاری دڵـتــەنگی و پەژارە دەبن و ســـەرەڕای ئەوەش ئاڵـۆزی دەکـەوێتـە تەندروسـتـیـیـان و سـیـسـتـمی بەرگـرییـان دەشێوێ(Bandura, 1992, 1998)(٤)

بەو مانایە بێ، باندۆرا دەیەوێ لە خودێکی پەیبردووی چالاکـەوە پەیبـردنێکی کـۆمـەڵایەتی فـراوان بەو تەرزە فـێـربوونەی ئەو بێـتـە ئارا تا هەمـیـشـە کـۆمـەڵـگە و ئۆرگـانەکـانی لە خـەمی دامـەزراندنی بنیـادی پتـەوی دەروونی بن بۆ تاکەکـان، ئەویش لە ڕێگەی ئازادکـردنی خودەکان لە هەرچی کرداری دەروونی هەیە، کە دەبنە هۆی باش فێربوونێک کەس تێیدا خۆی لێ دەبێتە سەنتەر بۆ ناسین و زانین.

تیـورەکـەی باندۆرا بە تیـوری فـێـربوون ناسـراوە، ئەو دەیەوێ فـێـربوون وەک سـتراتیـژ بکاتە ئامـانج و ئولگوی ژیان، لە فـێـربووندا باندۆرا سـەرەداوی بردوونەتەوە سـەر ڕەفـــتــاریزمی سکینـەر، سکینـەر پێی وابـوو کــرداری فێربوونی ڕەفتار بەستراوەی دەرەنجامەکانی هەمان ئەو ڕەفــتــارانەن، ئەگــەر ئەنجــامــەکــان حـەســانەوەیەکی دەروونییـان دابایە تاک و چێژێکیان پێبەخشیبایە، ئەوە هەنگاو لە دوای هەنگاو لە ڕێگەی هاندانەوە ڕەفتارەکان ڕێژەییانە دەچەسپان.

باندۆرا هاندانی نەکـردووەتە مـەرجـێکی بنچـینەیی فێربوون، ئەو لە ئەزموونەکانی خۆی لەسەر شەڕانگێزی لای مـنـداڵان هـانـدانـی بـە پـارادیـگـمـی نموونـەوە بەسـتـووەتەوە، بە تایبـەتیش بە ئەداکـردنی ڕەفـتـارەوەی بەسـتـووەتەوە نەک بە فـێـربوونی(٥)، واتە ئەو نموونەی تاک دەیەوێ لە ئەداکـردنیـیـەوە فـێـربێ، یان لاسـایی بکاتەوە، کـــاتێ نموونەیەک(پارادیگم) ێک لەســەر کردەوەیەکی، یان ڕەفتارێکی پاداشت دەکرێ، یان کرابێ جا ڕەفتـارەکە شـەڕانگێـزیش بێ، ئەوە منداڵ، یان تاک هەوڵ دەدا وەک ئەو ڕەفتار بکا، چونی پێی وادەبێ ئەوەی نموونەکە کردی، ڕەفـتـارێکی پەسـەندە، بۆیە پاداشتی لە بەرانبەردا وەرگرت.

کـەواتە هاندان لە هەردوو دیدگا فـاکتـەرێکی گرنگە، بەڵام لای بانـدۆرا ڕاسـتــەوخـۆ کـەسی سـەرنجـدەر، یان لاساییکەرەوە لێی بەرخـوردار نابێ، چونکە لەو نێـوانەدا توخمگەلی مەعریفی هەن ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی خودی تاکەکە هەیە Self- regulation***.

خۆڕێکخستن پرۆسـێـسـێکی فـێـربوونی بەردەوامـە و بیــرکــردنەوە و هۆش ڕۆڵـی تێــدا دەبیـنن، چونکە تاک لەنێویدا ئاگایە و دواتر یادگەی بە ئیش دەخات و هەوڵی ئەداکــردن و جـێـبـەجـێکردنی ئەو ڕەفـتـارانە دەدا، کـە سـەرنجی داون، یان فـێـریان بووە، پاشـان دەبن بە هێـز و ناوە ناوە بۆیان دەخرۆشێ.

لە کردەی فێربوونی باندۆرادا کەسی نموونە(پارادیگم) دەبێـتە هانـدەر، نەک ئەنجامی ڕەفتار وەک سکینەر پێی وابوو، ئەو لە لایەن تاکـێکەوە سـەرنج دراوە و دەبێ بە ئایکۆنێکی جـوان لای ئەو، هەر بۆیە تاکـەکـە دەیەوێ ڕەفــتــارەکــانی وەک ئەو بن، یان تا ئاســتــێکی زۆر لە ڕەفـتـارەکـانی ئەو بچن، ئەم تیـوریزەکردنە بایەخی تاکی نموونەمان بۆ دەردەخا کە چەندە گرنگە، کەسەکان هەمیشە وریای ڕەفـتـار و نواندنەکانی خۆیان بن لە نێـو کـەش و فـــەزای کـــۆمـــەڵایەتیـــدا تا ببن بە ئایکۆنی جـوان بۆ لاساییکردنەوە لە کردەی بەردەوامی فـێربووندا نەوەک سیمبۆلی ناشیرین و ببنە هۆی بەردەوامیدان بە کرێتییە ڕەفتاری و کۆمەڵایەتییەکان و بەلاڕێبردنی کەسە منداڵ و هەرزەکان.

لە دۆخی لاســاییکردنەوەدا هەر چوار پرۆســێـــســـە دەروونیـیـەکـان(ئاگایی، پاراستن، ئەدا، پاڵنەر) توخـمی مەعـریفیـیـان تێدایە و لە ڕێبازی فـێربوونی سکینەر تا ئاســتــێکی زۆر جــیــادەبنەوە، ئەمــەش بە ئامــاژە بۆ کـــۆمــــەڵێک لێکۆڵینەوە ئەو ئەرگـــۆمـــێـنتـــەمـــان دەسەلمێنێ(٦).

سکینەر هەرگیز عەقڵی وەلاوە نەناوە، ئەو پێی وابوو گۆڕانکارییەکان لە ژینگەدا دەبن بە هۆی گۆڕانکاری لە

عەقڵ و هەر دەرکەوتێکی ئەم گۆڕانکارییانەش یەکسەر لە ڕەفتاردا دیار دەبن(٧).

تەنیا ئەوەندەیە سکینەر پێ دەچێ کاریگەری (چارلس داروین)ی زیاتر لەسەر بێ، کە هەر فێربوونێک لای هەر زیندەوەرێک لە نێوبشیاندا مرۆڤ بە هەڵبژاردنی سروشتی دەزانێ. سکینەر نە عەقڵ وەلاوە دەنێ، نە چەمکەکانی ئازادی و کبریا و ئەخلاق، تەنیا ئەوەندەیە بەو فێربوونانەیان دەبەستێتەوە لە سروشت و ماتریاڵەوە سەرچاوە دەگرن.

ژینگە بە هەموو جۆرەکانییەوە لای باندۆرا سەرچاوەیەکی سەرەکی فێربوونە و کەشی کۆمەڵایەتیش لە ژینگە بەدەر نییە، هەر بۆیە بوونی ئینسانی تاک وەک تاکێکی خاوەن کەسێتی ساغ و هاوسەنگ لە بوونە کۆمەڵایەتییەکەی تەواو و کامڵ دەبێ. مانەوەی خەسڵەتەکانی لاساییکردنەوە تا سەر لای تاک لە قۆناغەکانی گەنجی و کامڵیدا بەو ئەندازەیەی لە منداڵ و هەرزەکاریدا هەن، سستی گەشەی دەروونی کەسەکە و کەم توانایی لە ئاگایی و دەوڵەمەند نەبوونی لە زانیاری و شارەزایی، هەروەها نەتوانینی ئەداکردنی ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەسەلمێنێ. باندۆرا زیاد لە شوێنێک مانەوەی ئەو دۆخە بە بێ ڕێز و لاواز زانینی کەس بۆ خودی خۆی دەزانێ، چون نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەو خودە چالاک و کاریگەرەی لە خۆیەوە فێر دەبێ و دەزانێ و دەناسێ.

چەمکە کلیلییەکانی تیورەکەی باندۆرا بە دوایەکەوە بریتین لە:

سەرنجدان ← مۆدێل ← ئاگایی + سیمبۆلیزەکردن و پاراستنی زانیاری+ ئەدا+ پاڵنەر= فێربوون ← خودێکی کارا و چالاک.

کەواتە با لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانە ژینگەی کوردەواری خۆمان بە ئۆرگانە جیاجیاکانییەوە لە لایەک و ئینجا تاکی کوردی شی بکەینەوە و بزانین تاک و کۆمەڵگەی ئێمە لە کوێی ڕێکخستنی خود و سیستماتیزە کردنی کۆمەڵگەدایە؟

## کەسێتی فەردی و نەتەوەیی ئێمە

پێشتر زۆر قسەم لەسەر خودی تاک و خودی نەتەوەیی کردووە، لە کتێبی نووسینی سپی و دیاردەگەرایی خود، پاشان لە کتێبی "خودی کوردی... لە ڕوانگە فینۆمینۆلۆژیە ڕەخنەییەکانەوە" کە بە عەرەبی نووسراوە و خانەی زەمانی سووری لە ٢٠١٦ بڵاویان کردەوە، بە ڕوونی پەرژاومەتە سەر ئەو بابەتە. خود سیستمێکی ئەبستراکتی سایکۆلۆژی تاکە، بەڵام کەسێتی ئۆردەرێکی ئاڵۆزتر و داینامیکیتر و دیارترە، کەسێتی بوونێکی بەرجەستەترە لە خود، خود ئەگەرچی پانتایی و قووڵاییەکی زۆر لە کەسێتیدا داگیر دەکا و توانایی ئەوەی هەیە هەمیشە جڵەوی کەسێتی بگرێ و چۆنی دەوێ بەو شێوەیە دەریخا، بەڵام کەسێتی نیشتیمانێکی خاوەن سەروەریی خودە و بوونێکە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دەرکەوتەکانیدا ناسنامەی خۆیان تا ئاستێکی باش بۆ دەردەخا. خود لە کەسێتیدا دەبێت بە دیاردە(فینۆمینا)، بەڵام کەسێتی بەشە ئاگامەندەکەی خودێکی قووڵتر و گەورەترە و ناوە ناوەش کە ئاگای لە خۆی دەبڕێ، بەشێکی تاریکایی نێو خۆیان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

تاکی ئێمە چەندە خودەکەی لێڵ و نادیارە و بە خۆی ئاشنا نییە، زیاتر لەوە کەسێتییەکەی کەوتووەتە بەر پرۆسێسێکی وێرانسازی مێژووییەوە و ئەوەی کە دەردەکەوێ زیاتر ماسکێکە و زۆر بە کەمی جەخت لە خۆی دەکات وەک لە ڕاستەقینەدا هەیە.

من ناچمە سەر فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر ئەم لەرزۆکییە، تەنیا مەبەستی لێکۆڵینەوەکە باندۆریانە(***)، دەرخستن و خوێندنەوەی ئادگار و خەسڵەتە سەرەکییەکانیەتی، یان وردتر بڵێم مەبەست پێوانیەتی بەو کەسێتییە گونجاوەی باندۆرا پێی وایە ساغە و هەڵگری خودێکی کاریگەر و چالاکە.

با بەم پرسیارە دەست پێ بکەم: ئایا کێن لە خێزان و لە ئۆرگانە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگەکەمان بۆمان دەبن بە نموونە(پارادیگم)؟

هەر پارادیگمێک لە هەموو ئەوانەی هەن بۆ تاکی ئێمە دەبێ بەو نموونەیەی سەرەنجام کەسێتییەکی خاوەن خودێکی چالاکمان پێشکەش بکات؟

- لە خێزانی کلاسیک و لەوەرخەسڵەتی ئێمەدا باوک تا ئێستا زیاترین هەلی بوونە نموونەی هەیە، ئەگەرچی لەوەتەی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە ڕێگەی ئینتەرنێت و کەناڵەکانی سۆشیاڵ میدیاوە بێ بەرنامە بڵاوە، پێگەی

باوک تادێ ون دەبێ، بێ ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێک جێگەی بگرێتەوە، ئەمە لە سۆسیۆلۆژیای نوێدا پێی دەوترێت (گۆڕینی سەرچاوە، یان مەرجەعییەت*****)، کەچی هزری باوکسالاری وەک سیستمێکی شێواوی بەهایی لە ڕێگەی کەناڵە پەروەردەیی و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە بەردەوام دەئاخنرێتە مێشکی تاکەکان.

- مۆدێلی باوک، یان ناوە ناوە دایک، یان هەر کەسێکی تر کە لە نێو بازنەی خزمایەتی و ئۆرگانە سەرەتاکانیدایە پارادیگمێکی هۆشیار نییە، نە لە خۆی نە لە بنەماکانی سۆسیالیزەیشن(پەروەردەی کۆمەڵایەتی)، ئەو لەوە تێنەگەیشتووە کە ڕەفتار و هەڵسووڕانی لە نێو کۆمەڵگەدا مایەی سەرنجی کەسەکانی خوارترە، یان باشتر وایە بڵێین کەسەکانی لە دەوریدان، هەر بۆیە دەرکەوتنەکانی زۆر پەرچەکردارین و بەستراوەی لەگەڵ ڕۆیشتنێکی تا ئێستا ئەزەلین، لەو دۆخەشدا کەسانی لاساییکەرەوە، یان سەرنجدەر مۆدێلێکی سەقەت و هەڵوەشاوە و نارێکیان لەبەر دەمە و لێی فێر دەبن. ئەم سیناریۆ کۆمەڵایەتی و دەروونییە هەروەک چۆن لە مێژوویەکی کۆنەوە بەردەوامە هەر درێژەشی هەیە، بۆیە کەسێتی منداڵەکانیشمان وێنەیەکی دیکەی تا ئاستێکی زۆر کۆپیکراوی پارادایمە شێواوەکانمانە.

- هۆشیاری لە خێزانی کوردەواریدا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پرۆسێسی گشتگیری فێربوون هەر بە تەنیا پەیوەست نییە بەو کتێب و دەفتەرچانەی لە قوتابخانە دەیانخوێنن و ئەلف و بێیان لێ فێر دەبن، خێزان و پارادیگمەکانیشی لەوە حاڵی نین کە ئەرکێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ئەوان سەرەڕای خۆبوونیان لە چوارچێوەی وجوودی خۆیان نمایشکردنێکی هاوسەنگە و بوونیان بە جەستەشیانەوە دەبێ بەو دیاردەیەی لە هەر دەرکەوتێکیدا بۆ منداڵ، یان خودە ساواکان دەبێ بە ڕووداو، کە وای لێهات و هەرواش ماوەتەوە، ئیدی چۆن لەنێو خێزاندا کرداری فێربوون تەبا و تەریب لەگەڵ دامەزراوە پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوات؟ چۆن خەسڵەتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و کولتووری دروست دەبن و سەرەنجام دەبن بە خەسڵەتی نەتەوەیی؟.

- خێزانی کوردی لەوەتەی هەیە نەیتوانیوە ببێتە دامەزراوەیەک بۆ فێربوون بە مانا دەروونییەکەی، تەنیا کونجێکە بۆ حەسانەوە لە ماندووبوونی جەستەیی و فسیۆلۆژی و سێکسی بە مانا هەرە سادەکەی، هەر بۆیە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی کوردەواری لەو پەراگەندەییەوە پچڕ پچڕ بووە و سەرەنجام بووەتە هۆی دابڕانێکی دیار لە کردەی کۆمیونیکەیشن لە چوارچێوەی بوونە نەتەوەییەکەماندا.

- ئۆرگانەکانی دیکەش لە کوردەواریماندا وێنەیەکی گەورەتری خێزانن و هەمان دابونەریتەکە بە فراوانتر و پەرتوبڵاوتر بەرهەم دەهێننەوە، ئەو باوکەی لە ماڵەوە سەردار و پارادیگمە لە فۆرمێکی دیکەدا دەبێ بە بەڕێوەبەری قوتابخانە، دەبێ بە مامۆستا، دەبێ بە سەرپەرشتیار و...تاد. بەڕێوەبەری قوتابخانە بە کولتورێکی، یان سیستمێکی پەروەردەیی نوێ و هاوسەنگدا تێنەپەڕیوە و نوێبوون لەم بەناو سیستمانەی هەن، تەنیا چاپکردنەوەی کتێبەکان و گۆڕینی بەشێکە لە کتێبێک بە بەشێکی تر و بڕایەوە، هەر بۆیە بەڕێوەبەر مومارەسەی باوکایەتی هەم لە بەرانبەر قوتابیان و هەم لە بەرانبەر دەستەی وانەوتنەوە و کارمەندانیشدا دەکات.

- بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش تا دەگەنە وەزیر و سەرەوەتریش کە سەرۆک وەزیرانە هەر وێنەی هەمان پارادیگمە شێواوەکەی خێزانن و بە قەبەبوونیان لە ڕووی سامان و ڕانە مرۆڤی بێ ئیرادەوە وێنەی باوکە کلاسیکەکەیان گەورەتر کردووەتەوە و پێیان وایە ئەوان باوکی نەتەوە و کۆمەڵگەن و هاووڵاتیان هەموویان بەچە و نەوەی ئەوانن.

- ئۆرگانی سیاسیش کە لە حزب و ڕێکخراوەکاندا خۆیان فۆرموڵە کردووە، زادەی ئەو هەرەمییەت و شێوە بەسەرچووەن و تا ئێستا ئەو وانەیە تێنەگەیشتوون کە حزب ئۆرگانێکی کاتییە و هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی پلان و پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەکرێ بە پێی زەمەن و هەلومەرجەکان دەنگ و ڕەنگی خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ پێشهات و مەرجەکانی کات و شوێندا بگونجێ.

- پارادایکمی حزبی ئێمە باوکێکی بێ بەزەیی و وەفایە، پێی وایە بە ڕاست ئەوە، ئەو شوانەیە کە لە گوتاری ئایینیدا بانگەشەی بۆ دەکرێ، سیاسی ڕاستەقینە هەرگیز نابێ بە شوان، پارادیگمی شوان

هەرچی مرۆڤ هەیە بە مەڕ و بزن دەبینێت، هەر بۆیەش هەرگیز خۆی ناهێنێتە ئەو ئاستەی لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ و ڕەد و بەدەلەوە. کاتێ سەرنجدەری ساوا ئەو جۆرە پارادیگمە لە بەرچاو دەگرێ و دەیەوێ لاسایی بکاتەوە بۆ ئەوەی هەندێک لە ڕفتارەکانی بۆ ماوەیەک کۆپی بکاتەوە، پێیانەوە گرفتار دەبێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری گوتارە هەڵچوون و سۆزئامێزەکانیان و ئیدی نەتەوە، یان کۆمەڵگە دەخەنە نێو سرووتێکی ویژدان ئازارییەوە تا ئەبەد بۆیان دەبێتە ئەو گوناهەی لە پەرۆشی بۆی هەر دەبێ ئازاری خۆیان بدەن.

– تاکی ئێمە هیچ یەک لە پرۆسێسەکانی کە دەبن بە مەرج بۆ فێربوون پیادە ناکەن تا لە کۆتاییدا خودێکی چالاک و کاریگەرمان بدەنێ، ئەو نەکاراوە بە ئاگا بێ، ئیش لەسەر سیستمی ئاگایی ئەو نەکراوە، ئەم فلتەرە مەعریفییە ڕەفتارییەی فێربوون هەر بە پیسی هێڵراوەتەوە و هەرگیز نە بۆیان گۆڕیوە و نە لە خڵتە و پیسییەکانیش خاوێنیان کردووەتەوە، ئاگایی ئەگەر مەرجێکی سەرەکییە بۆ هەنگاوی دواتر کە پێکەوەنانی یادگەیەکی سیستماتیکە، لە خێزان و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە گرنگ نەبووە، گرنگ تێربوونی جەستەیی و دابینبوونی ئاستێکی مەمرە و مەژی جەستەیە و بەس، هەر لەبەر ئەوەیە کەسەکان لەبەر پاراستنی بوونە بیۆلۆژیکییەکانیان لە خەمی پاراستنی زانیاری و شارەزاییە مەعریفییەکاندا نین، ئەوان نەیانویستووە پەی بە زەمەن بەرن، پەیبردن بە زەمەن ئەو کەسە خاوەن خودە کارایەی دەوێ باندۆرا داوای دەکا، ئەو کەسەی دەوێ کاریگەری خۆی لەسەر ژینگە و دەوروبەر دابنێ نەوەک بە تەنیا خولاوەی ژێر کاریگەرییەکانی سروشت و دەرەوەی خۆی بێ. لێرەشدا کە ئاگایی لاواز بێ و یادگەش سیمبۆلیزەی زانیاری و شتە فێربووەکان نەکات، ئیدی ئەدای دەروونی و فەردی و کۆمەڵایەتی تاک لە هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیانی خۆیدا لاواز دەبن و تەنیا ئەو ڕەفتارانە دووبارە دەکاتەوە کە پەسەندی چوارچێوە مەرجەعییە داپڵۆسێنەرەکانن و بەس. ئەم تایپە لە تاک لە چوارچێوەی ئەو کەڵچەرە ژەنگاوییە قەت چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێ بەرەو ئامانجی هزری و مەعریفی بجووڵێ و لەوەشدا زۆرترین خۆخواردنەوەی دەبێت و هەم خودێکی ساختە و هەمیش کەسێتییەکی شێواو نمایش دەکا.

– باندۆرا کە جەخت لە لاساییکردنەوەی تاک بۆ پارادیگمێکی دیاریکراو دەکاتەوە، مەبەستی ئەوە نییە خۆی نێگەتیڤە و تا کەسێک، یان ئایکۆنێک لە دەرەوەی خۆی نەبێ ناتوانێ ڕەفتار و هەنگاو هەڵێنێ، ئەو پێی وابوو پارادیگم مەرج نییە هەر کەسێک بێ، یان بوونێک بێ لە ئێستا و ئێرەدا بێ، دەشێ نموونە بیرۆکەیەک بێ کارەکتەرێکی نێو خەیاڵدانی خۆی بێ، تاک بیەوێ بکۆشێ بۆ ئەوەی پێی بگا، یان هەر نەبێ بەشێک لە ڕەفتارەکانی ئەو مۆدێلیزە بکاتەوە. تاکی کوردەواری خۆمان بە کاریگەری کەڵچەرە دابونەریتییەکەی نەیویستووە جگە لە پاڵەوانانی نەتەوەیی و ئایینی و میتۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کەسی تر وەک پارادیگم لێی بڕوانرێ، ئێمە قاڵبی کەسایەتی ئامادەمان هەبووە و هەیە هەمیشە نەوە و منداڵەکانی خۆمانی تێدا لە قاڵب دەگرین بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا کەمێک لەوان بچن.

لە کاتێکدا باندۆرا دەڵێ: مرۆڤ توانایی کۆنترۆڵی لەسەر ژیانی خۆی هەیە و خودی کارا ماهیەتی بوونی تاک دەردەخا، مرۆڤ بیرکەرەوەیە، قووڵ خەیاڵ و داهێنەرە، توانایی دانانی کاریگەری هەیە لەسەر ژینگەی خۆی، ڕەفتاری تاک و ڕێکخستنی ژینگە لە ڕێگەی زانین و مەعریفەی ئەوەوە شکڵ و شێواز دەگرن(٨).

ئەم بینینەی باندۆرا قەناعەتێکی زانستییە بەوەی مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی لە ئێستای و بۆ ئێستای دەژی، هەوڵی هێنانە دی مۆدێلێک لە کەسێتی دەدا پێشکەوتوو تر و هۆشیارتر بۆ ئەوەی تا بتوانێ هەم کارایی خودی خۆی بسەلمێنێ، هەم کارایی خۆی لە گۆڕانکاری لە ژینگە و ئیستێتیکای جوانتر خود ڕێکخستن بخاتە ڕوو.

تاک و کۆمەڵگەی ئێمە بە گشتی لە ڕووی نەریتییەوە تا ئێستا فەندەمێنتالیزمی پەسەندە و شانازی بە مانەوە لەنێو هەمان قاڵب و خۆگرتن بە هەمان قاڵبە پارادیگمییە شێوەییەکانەوە دەکات. هەموو ئەمەش زیاتر لە سیستماتیک نەبوونی خود و ئیش نەکردن بۆ داهێنانی خودێکی کاراوە کەوتوونەتەوە.

پارادیگم، یان نموونەکانی ئێمە خۆیان لەبەر دادێنین و دەگرین، یان مردوون، یان جارێ نەهاتوون، ئەمە لە

ڕووی ستراتیژییەتی پەروەردەی کۆمەڵایەتیمانەوە، چون لەم جۆرە خۆ هەڵسەنگاندنەدا هیچ یەک لە پرۆسێسە مەعریفییەکان وەجووڵە ناکەون و چالاک نین، نە سەرنج بە مانا دیاردەناسییەکەی قورساییەک دەخاتە سەر عەقڵ و نە یادگەش بە لایەوە گرنگە زانیاری تازە و نوێ کۆکاتەوە و بیخاتە سەر زەخیرەی مەعریفی خۆی، لەو دۆخەشدا تاک بە پێی شێوەگەراییەکی دەرنەهاتوو، یان ڕزگار نەبوو لە ژێر کاریگەری یەکەم شوێن و یەکەم ژینگە هەڵدەسووڕێ. ئەم هەڵسووڕانە ئەوەندە لە بوهیمیەت پێشکەوتووتر نییە.

باندۆرا ژیرانە ڕەفتار دەخاتە نێوان ژینگە و مرۆڤەوە و پێی وایە بەرەنجامی کاریگەری کەس لەسەر ژینگە، ڕەفتار لەبارێکەوە دەباتە بارێکی تر، کەواتە مرۆڤ توانایەکی کاریگەری لەسەر گۆڕینی بارودۆخ هەیە و دەکارێ لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی خۆی پێشبینی ڕەفتار و سیستمی ڕەفتاری لە ئاییندەدا بکات، بەمەش باندۆرا مرۆڤ دەخاتە ئاستی بوونێکی چالاک کە مانا و ماهیەتی خۆی لە چالاکییەکانییەوە وەردەگرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**1- Feist, Jess & Gregory Feist (2009).Theories of Personality, McGRAW. HILL, 7th Edition, printed in Singapore, P479.**

**2- https://ar.wikipedia.org/wiki/**

**APA: * کورتکراوەی American Psychological Association کۆمەڵەی دەروونزانی ئەمریکی، گەورەترین ئۆرگانی زانستیی سایکۆلۆژیە لە ئەمریکا، تەنانەت لە دنیاش، ڕێکخراو و ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان زۆر پشتی پێ دەبەستن و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش ڕێنماییان لێوەردەگرن و پێوەندییان لەگەڵیدا بە هێزە.**

**٣- فریدمان، هاورد ومریم شستک (٢٠١٣). الشخصیة......النظریات الکلاسیکیة والبحث الحدیث، مرکز دراسات الوحدة العربیة، ط١، بیروت، ص ٣٧٤. ** بوونی بە کردار: لای هیگڵ بریتییە لە هۆش، یان عەقڵ کە ئەو لە فینۆمینۆلۆژیای ڕوحدا زیاتر بە (ڕوح) ناوی دەبات و ناوە ناوەش بە (هۆش).**

**٤- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨٢.**

**٥- برافین، لورانس (٢٠١٠). علم الشخصیة، ج١، المرکز القومي للترجمة، ط١، القاهرة، ص٢١٠.**

***** self-regulation: کردارێکی دەروونییە بە هۆیەوە تاک بەرزەفتی کار و بەرهەم و کردەوە تایبەتەکانی خۆی دەکا، هەر بۆیە ئامانج بۆ خۆیان دادەنێن و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامانجانە سەرکەوتنەکانی خۆیان هەڵدەسەنگێنن (ئەمە هەم پێناسەیەکی باندۆریانەیە و هەمیش ڕۆجەرزیانە).**

**٦- العوالمة، د.حابس سلیمان (٢٠١٠). الدافعیة، الأهلیة للنشر والتوزیع، ط١، عمان- الأردن، ص٣١٢.**

**٧- سکینر، بورهیف فردریک (١٩٨٠). تکنولوجیا السلوک الأنساني، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب- الکویت، العدد ٣٢، ص٩٣.**

****** باندۆریانە: مەبەست تێڕوانینی ئەلبێرت باندۆرای سایکۆلۆژیستە.**

******* گۆڕینی مەرجەعییەت: بریتییە لە دۆخێک کە منداڵ و گەنجان چیدی بۆ دایک و باوکیان وەک سەرچاوەی سەرەکی ڕێنمایی و پرسپێکردن ناگەڕێنەوە و لە جیاتی ئەوان یەکێک لە سایت و پێگە ئیلیکترۆنییەکانی ئینتەرنێت دەکەنە سەرچاوە و لێیەوە، یان لە ڕێگەیەوە کێشەکانیان بۆ گەڕان بە دوای چارەسەر دەخەنە ڕوو، ئەمەش وەرچەرخانێکی مەترسیدارە لەسەر دابونەریت و فۆرمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان.**